ئەو ئازارەی کە شەهید دەیچێژێت لە ئازاری کوشتن وەکو ئازاری یەکێک لە ئێوە وایە کە مێرووڵە دەیگەزێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو ئازارەی کە شەهید دەیچێژێت لە ئازاری کوشتن وەکو ئازاری یەکێک لە ئێوە وایە کە مێرووڵە دەیگەزێت».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: مرۆڤ ئەگەر شەهید بکرێت لە پێناو خوای گەورە، ئەوا هەستی ئازاری کوشتنەکەی وەکو هەستی ئازاری پێوەدانی -گاز لێگرتنی- مێرووڵەیەک دەبێت، واتە شەهید تووشی ناڕەحەتیەکانی سەرەمەرگ نابێت وەکو خەڵکی تر، بەڵکو ئازاری مردنی وەکو ئازاری پێوەدانی مێرووڵەیەک دەبێت وبە زوویی نامێنێت، وهەستی پێناکات، وئەمەش لە فەزڵی خوای گەورەیە بۆ شەهیدەکان، چونکە ڕۆحی خۆی بەخشی لە پێناو سەرخستنی دینی خودا؛ بۆیە خوای گەورە ئازارەکانی کوشتنی لەسەر کەمکردەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3914